# راگەیاندنی کۆتایی پلنیۆمی حەڤدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لەرۆژانی 25-27ی حوزەیرانی ئەم مانگەداو بە بەشداری زۆینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو ژمارەیەك لەکادرانی حزب لەرێکخستنەکانی کوردستانو هەروەها رێکخستنەکانی شارەکانی عێراق، پلنیۆمی حەڤدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەسترا.

پلنیۆم بە راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزلێنان لە یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردووی رێگای ئازادیو سۆسیالیزمو یادی هاوڕێ تەیب ئیحسان کە رۆژی 18ی حوزەیران بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێنەوە لەشاری موصل گیانی لەدەستدا، کارەکانی خۆی دەستپێکرد.

دوای خستنەڕووی راپۆرتی کارو چالاکییەکانی حزب لەماوەی دوای پلنیۆمی 16ەوە، پلنیۆم چووە سەر بەندەکانی بەرنامەکاری خۆی کە بریتی بوون لە: تازەپێشهاتەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراقو مەسەلەی دەستوور، وەزعی مالیی حزب، کۆنگرەی ئازادی عێراقو هەڵسەنگاندنی قۆناغی دامەزراندنو راگەیاندنو هەنگاوەکانی ئایندەی، هەلومەرجی سیاسی کوردستانو کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، راگەیاندنی حزبو رۆژنامەکانیو پرۆژەی کەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایت، ئارایشی رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو بڕیارەکان.

لەبەندی تازەپێشهاتەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراقدا هاوڕێ ئێوار ئەحمەد هەر لەژێر هەمان ناونیشاندا باسێکی پێشکەشکرد کە تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی روویداوە چەند ئەڵقەیەکی دیکەن لە خلیسکانی کۆمەڵگا بۆ ناو زەلکاوی ونبوونو لەبەریەکترازانی شیرازەی ئەمنیو پشێوی کۆمەڵایەتیو سیاسی. هەروەها پێکهاتنی دامەزراوەکانی ناوبراو بە دەوڵەتو حکومەتی نوێی نەك تەنها بەرێگایەك بۆ قووڵکردنەوەی پشێویو ململانێی تائیفیو قەومی لە قەڵەمدا، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم پێکهاتانە هەر لە یەکەمین هەنگاوەکانەوە دژایەتی ئاشکراو توندی خۆیان لەگەڵ ئاواتو خواستەکانی جەماوەری خەلکدا نیشانداوە. سیاسەتو لیدوانی نوینەرانی حکومەتەکەی جعفری بەلگەی نیەتی ئەم حکومەتەیە بۆ هیرشی کویرانەو بەربلاو بۆ سەر ئاستی گوزەرانی خەلكو بیکارکردنی ملیونەها کەسو بێبەری کردنیان لەسەرەتاییترین پیداویستیەکانی ژیان. نیازی ئەم حکومەتە لە برینی مەوادی خۆراکیو هەلگرتنی کۆمەکی دەولەت لەسەر نرخی مەوادی خۆراکیو سوتەمەنی لەژیرناوی سوکردنەوەی ئەو خەرجانەی لە سەر حکومەتن، بە راشکاوی رادەی ناکۆکی توندی ئەم دامەزراوە لەگەل خواستو بەرژەوەندیەکانی خەلك نیشاندەدات.

هەروەها لە بارەی مەسەلەی دەستورەوە، لەم باسەدا جەخت لەسەر ئەوەکرا کە مەسەلەی دارشتنی دەستور شتیك نیە جگە لە پیلانیك بۆ داسەپاندنی یاساو حوکمو نەریتی کۆنەپەرستانەی ئسلامیو عەشایەریو قەومی لە قالبیکی قانونیدا بەسەر جەماوەری خەلکی عیراقدا.

وەکو ئەنجامگیری کۆبونەوەکە لەم باسە، پیداگری لەسەر پیویستی گەشەپیدانو ریکخستنو رابەری کردنی نارەزایەتی جەماوەری کرایەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هیرشو پەلامارە کۆنەپەرستانانەی حکومەتەکەی جعفری کە بۆ سەر مافە ئابوریو سیاسیەکانی خەلك دەستی پیکردوە. لە هەمان کاتدا کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە مەیدانی سەرەکی نەبەرد بۆ دەرکیشانی جەماوەر لە هەلومەرجی کارەساتباری ئیستا، بریتیە لە بەریخستنی بزووتنەوەی جەماوەری لە پیناو کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم، لەم بارەیەشەوە تەئکید لەسەر پیادەکردنی مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عیراقو ئەوە کرایەوە کە نابێ ریگابدریت ئەو هەراوهوریایەی لە دەوری مەسەلەی "دارشتنی دەستوری تازەی عیراق" سازکراوە، پەردە بەسەر ئەم مەیدانە سەرەکیەی نەبەردی جەماوەریدا بدات. پاشان کۆبونەوەکە مەکتەبی سیاسی راسپارد کە نەخشە عەمەلی حیزب لەم بارەیەوە دیاری بکات.

له بەندی پەیوەست بە مالیەی حیزبدا، هاوڕێ رعد سلیم باسی لە پیویستی پەرەپیدانی میکانیزمی هەلسورانی حیزب لەم مەیدانە کرد، بە جۆریك کە وەلامدەرەوەی پیداویستیەکانی ئەو گەشەو فراوانبونەوەیە بیت کە بۆ هەلسورانی حیزب لە مەیدانە جیاجیاکاندا پیکهاتووە.

هەورەها هاوڕێ سمیر عادل لە بەندی کۆنگرەی ئازادی عیراق (IFC)دا باسیکی پیشکەش کرد کە تیایدا چووەسەر هەلسەنگاندنی قۆناغی دامەزراندنو راگەیاندنی کۆنگرەو تەئکیدی لەوە کردەوە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەو هەلدانو بەهیزبوونی کۆنگرە هەیەو پیشوازیەکی فراوانی لیکراوە لەلایەن جەماوەرەوە. لەم پەیوەندەدا کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پیویستە کۆنگرەی ئازادی عیراق بە خیرایی ببیتە ریکخراویکی جەماوەری ریشەدارو بە توانا بۆ هینانەمەیدانی فراوانی جەماوەری خەلکی ئازادیخواز، لەم بارەیەشەوە بە تایبەتی تەئکید لەسەر پیکهینانی بنکەکانی گەرەك کرایەوە وەکو میحوەریکی سەرەکی کاری کۆنگرە.

لە پەیوەند بە باسی هەلومەرجی سیاسی کوردستانو کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەر یەك لە هاوڕیان سامان کەریمو ئەمجەد غفور (عوسمانی حاجی مارف) قسەوباسیکیان پیشکەش کرد دەربارەی ئالوگۆرە تازەکان لە وەزعی کوردستان لە رووی ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسیو جیگاوریگای ناسیونالیزمی کوردەوە. لە چوارچیوەی ئەو باسانەدا دەوروکارکردی هەردوو حیزبی دەسەلاتدارو کیشەو گرفتەکانی بەردەمیان، هاوکات ئەو هەلومەرجە بابەتیەو چۆنیەتی مامەلەی حیزب لەگەلیدا، درانە بەرباس. کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ناکۆکی دەسەلاتی داسەپاویان بەسەر کوردستانو جیگاوریگای سیاسیان لە ئاستی عیراقدا کرد، لەلایەکەوە ئەم حیزبانە هیچ کات بەدرێژایی میژووی خۆیان ئەو جیگاوریگایەیان پەیدانەکردوە کە ئەمرۆ لە عیراقدا پیٚی گەیشتون، بەلام لەلایەکی تریشەوە ئەو نارەزایەتیە جەماوەریەی کە ئیستا رووبەروویانەو ئەو کۆسپو تەگەرە ئابوریو سیاسیانەی لەگەلی بەرەوروون هیچ کات بە ئەندازەی ئیستا بەهیزو فراوان نەبوە. دوای خستنەرووی کۆمەلێك سەرنجو تیبینی گرنگو بەپێزی ئامادەبوان لە بارەی ئەم باسەوە کۆبونەوەکە بریاریدا کە ئەنجامگیری عەمەلی لەم باسە بسپیرێ بە مەکتەبی سیاسیو هاوڕێ سامان کەریم راسپیردرا کە نەخشە عەمەلی حیزب لەم بارەیەوە ئامادە بکات.

لە بارەی کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە هاوڕێ ئەمجەد غفور باسی تازەپیشهاتەکانی بارودۆخەکەو ئەو فاکتۆرانەی کرد کە بواردەکاتەوە بۆ ئەوەی کۆنگرە وەکو بزووتنەوەیەکی گەورەو فراوانتر پەرەبگریو بگۆرێ بە هیزیکی سیاسی جەماوەریو کاریگەر.

لە بەندی کۆتایی باسەکانی پلنیۆمدا هاوڕێ ریبوار ئەحمەد پرۆژەیەکی بۆ چالاککردنەوەی میکانیزمی رابەریی حزب خستەروو. لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە باسی ئەوەی کرد کە وەکو پیویستیەکی چارەهەلنەگر دەبێ رابەری حیزب بگۆرێ بە رابەریەکی جەماوەری چالاكو دەخالەتگەر، لەم بارەیەوە دەبی ئەو کۆسپ ریگریانە لابرین کە لەبەردەم ئەم پرۆسەیەو پرۆسەی چالاکبونەوەی میکانیزمی کاری رابەریی حیزبدان بە جۆریك کە وەلامدەرەوەی پیداویستیەکانی خەبات بیت. هاوڕێ ریبوار ئەحمەد لە دوو تویٚی ئەم باسەدا دەرگای قسەوباسی لەسەر مەسەلەی ئارایشی رابەری حیزب کردەوە، دوای گفتوگۆیەکی گەرمو هەمەلایەنە لەسەر ئەم مەسەلەیە، کۆبونەوەکە جەختو پیداگری لەسەر ئارایشی لیدەرشیپی ئیستا کردەوەو هاوکات کۆمەلیك هەنگاوی خستەروو بۆ چالاکردنەوەو کارسازی زیاتری میکانیزمی رابەری حیزب.

لەبەشی هەلبژاردندا، هاوڕێ ریبوار ئەحمەد بە تیکرای دەنگ وەکو لیدەری حیزب هەلبژیردرایەوە، هەروەها 20 کەس بۆ مەکتەبی سیاسی حیزب هەلبژیردران کە بریتی بون لە هاوڕێیان: فارس محمود، عبدالکریم عبدالسادە، موید احمد، خسرو سایە، رعد سلیم، هوزان محمود، سامی حسن، ریبوار عارف، زمناکو عزیز، فلاح علوان، سامان کریم، ینار محمد، عادل صالح، نادیە محمود، سمیر عادل، ریاز کاکەشین، ئازاد أحمد، امجد غفور، باسل مهدی وشمال علی.

**پلنیۆمی حەڤدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق**

2005/6/27